# ئەگەر بڕۆشتایەتە ناو مزگەوتەوە، دەیفەرموو: «(أعوذ بالله العظيم، وبوجهه الكريم، وسلطانه القديم، من الشيطان الرجيم)

له عبداللەی کوڕی عەمرو کوڕی عاسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بڕۆشتایەتە ناو مزگەوتەوە، دەیفەرموو: «(أعوذ بالله العظيم، وبوجهه الكريم، وسلطانه القديم، من الشيطان الرجيم)^» (کەسێك) ووتی: هەر ئەوەندەی ووت؟ ووتم: بەڵێ، دەڵێت: ئەگەر ئەم زیکرە بخوێنێت ئەوا شەیتان دەڵێت: پارێزراوە لە من بە درێژایی ڕۆژەکە. ^(واتە: پەنا دەگرم؛ بە خودای مەزن وبە ڕووی بەخشندەی وبە دەسەڵاتی هەمیشەیی وبێسنووری لە شەیتانی نەفرینلێکراو)

[حەسەن - باش)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە نێو مزگەوتەوە ؛ دەیفەرموو: (أعوذ بالله العظيم) واتە: (پەنا دەگرم؛ بە خودای مەزن) ؛ پەنا دەگرم بە الله وسیفەتەکانی. (وبوجهه الكريم) واتە: (وپەنا دەگرم؛ بە ڕووی بەخشندەی) ؛ کە پەروەردگارێکی بەخشندە وبەخشەرە. (وسلطانه) واتە: (وپەنا دەگرم؛ بە دەسەڵاتی) ؛ زاڵبوون وهێز وتوانای بەسەر هەرکەسێکدایە کە بیەوێت لە خوڵقێنراوەکانی. (سلطانه القديم) واتە: (وبە دەسەڵاتی هەمیشەیی وبێسنووری) ؛ کە دەسەڵاتی ئەزەلیە وهەربوونی هەبووە لەسەرەتاوە بۆ هەتاهەتایە. (من الشيطان الرجيم) واتە: (پەنا دەگرم بە خودا لە شەیتانی نەفرینلێکراو) ؛ کە ئەم شەیتانە دوورخراوەتە ودەرکراوە لە ڕەحمەتی الله، هەروەها بە مانای ئەوە دێت: خودایە بمپارێزە لە شەیتان وقسە و وەسوەکانی وگومڕاکردن وبەلادابردنی، چونکە ئەو هۆکاری گومڕاکردنە وهاندەرە بۆ لاڕێی ونەفامی، بە عبد الله ی کوڕی عەمرو ووترا: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەنها ئەمەی فەرمووە؟ ووتی: بەڵێ. ئەگەر مسوڵمان ئەم نزایە بڵێت لەکاتی چوونە نێو مزگەوت؛ شەیتان دەڵێت: ئەم کەسە خۆی لە من پاراست لە هەموو کاتەکدا؛ لە ڕۆژ وشەودا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8294

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee